
Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service



# تۆ لە زیندانەوە لە ڕێگەی پەیوەندیی ڤیدیۆییەوە بەشداری لە دانیشتنی گوێ لێگرتنی فەرمانگەی کۆچ دەکەیت



ڕێکخستنی دانیشتنی گوێ لێگرتن لە ڕێگەی پەیوەندیی ڤیدیۆییەوە مانای ئەوەیە کە کارمەندی فەرمانگەی کۆچ لە فەرمانگەی کۆچدایە و تۆش لە زیندانەوە لە ڕێگەی پەیوەندیی ڤیدیۆییەوە بەشداری لە دانیشتنی گوێ لێگرتن دەکەیت. زیندان لە پیناو گوێ لێگرتنەکە شوێنێکی تایبەت و ئامێرە پێویستەکانی بۆ تۆ تەرخان کردووە.

## ڕێکخستنی دانیشتنی گوێ لێگرتن لە ڕێگەی پەیوەندیی ڤیدیۆییەوە کاریگەریی بۆسەر ناوەڕۆکی گوێ لێگرتنەکە نیە




گوێ لیگرتنەکە هەمان ناوەڕۆکی هەیە، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئێمە لە ڕێگەی پەیوەندیی ڤیدیۆییەوە ئەنجامی دەدەین یان بە شێوەیەک کە کارمەندەکەمان لەگەڵ تۆدا لە هەمان ژووردا بێت. ئێمە دانیشتنەکە لە ڕێگەی پەیوەندیی ڤیدیۆییەوە ڕێکدەخەین، چونکە تۆ لەم کاتەدا لە زینداندایت.


## بەم شێوەیە بەشداری دەکەیت لە گوێ لێگرتن لە ڕێگەی پەیوەندیی ڤیدیۆییەوە

کارمەندی زیندان ئەو بانگهێژتن و ڕێنماییانەت پێ دەدات کە لەلایەن فەرمانگەی کۆچەوە بۆت نێردراون. لە بانگهێژتنەکەدا ئەوە دەنووسرێت کە گوێ لێگرتنەکە کەی دەکرێت.






لە ڕۆژی گوێ لێگرتنەکەدا کارمەندی زیندان ئاراستەت دەکات بۆ ئەو شوێنەی کە بۆ گوێ لێگرتن تەرخان کراوە. باسی ئەوەت بۆ دەکات کە ئەگەر لە کاتی گوێ لێگرتنەکەدا بۆ نموونە لەگەڵ پەیوەندییە ڤیدیۆییەکەدا کێشە دروست بوو کێ یارمەتیت دەدات.



لەو ئان و ساتەدا کە لە بانگهێژتنەکەدا باس کراوە بە ڕێگەی پەیوەندیی ڤیدیۆیی پەیوەندیت پێوە دەکرێت. لە بانگهێژتنەکەدا باسی ئەوە دەکرێت کە ئایا وەرگێڕی زمان ئامادە کراوە. وەرگێڕ لە ڕێگەی پەیوەندیی ڤیدیۆییەوە وەرگێڕان دەکات.



کۆنووسەکە لەگەڵ خۆتدا لە ڕێگەی پەیوەندیی ڤیدیۆییەوە وردبینی دەکەین. لەو قۆناخەشدا هێشتا دەتوانیت ڕاستکردنەوە یان گۆڕانکاری تیادا بکەیت. کۆنووسەکە بە دوو نوسخە بە ڕێگەی پۆست بۆت ڕەوانە دەکەین بۆ ئەوەی واژۆیان لەسەر بکەیت. لەگەڵ کۆنووسەکەدا زەرفێکی گەڕاندنەوەت پێ دەدرێت کە پارەی پۆستەکەی دراوە. دوایین لاپەڕەی هەردوو نوسخەی کۆنووسەکە واژۆ بکە. دوای ئەوە یەک نوسخەی کۆنووسەکە بنێرەوە بۆ فەرمانگەی کۆچ. نوسخەکەی تری کۆنووسەکە دەتوانیت لای خۆت هەڵیگریت.